# ...×



سالح محەممەدئەمین

ـ بۆ لێمنەگەڕان.. بۆ؟.. خەریکبوو پێوەی دەلکام و دەبوومە بەشێک لەو!

بۆ هەفتەیەک دەچێ ئەوەندەی خۆی بەئاگابێت خەو لە چاوی نەکەوتووە. شەوانە درەنگ هەستدەکات شەکەتەو، پێیوایە هەرکە سەری نایە سەر بەناوسەرینەکەی، خەون وەک خۆشەویستێکی ئاراملێبڕاو، تێیدەئاڵێ و بەدەم ماچ بارانکردنییەوە نوقمی خۆیی دەکات. کەچی نەک هەر وا ناکەوێتەوە، بگرە وەک بەزۆر لە بەردەم شارە زەردەواڵەیەکی وررووژاو نرابێت، چزووئاژن دەکرێت. بۆیە گورج لە جێگاکەی دەردەپەڕێ.. نە خۆری ڕۆژانەو نە کزەبای ساردی دوای نیوەشەو دادی نادەن و، لەو گێژاوە قووڵەی تێیکەوتووە دەریناکەن. دەوروبەرەکەی هەموو هەر وەک خۆڵی مردوویان بەسەردا کرابێ، مات و دۆشداماون. بەڵام کەسیان وەک ئەو لە گۆڕەوشاری بەردەوامدانین. ئەوان با لەکاتی خۆشیدا نەبێت، خواردن و خەونی خۆیان هەر دەکەن. بۆیە ڕۆژ بەڕۆژ ڕەنگیان زیاتر تێدەگەڕێتەوەو بگرە زۆربەشیان خەریکن لەگەڵ ئەو بارە نوێیەدا ڕادێن. کەچی ئەو هەر دووچاوی بە قووڵدا چوون و، وەک ڕۆژگارەکە قوژبنی ژێرزەمینێکی نسرم بێت، سپی داگێڕاوەو ڕەنگی مردووی لێنیشتووە. یەک دوو شەوی یەکەم کەمێک لە کۆڵ و بارخانەکەیان دوور دەکەوتەوەو، هەر ئەوەندەی خۆی دەگەیاندە بەرزاییەکە، ڕووەو کەلاوەی گوندە بەڕاستی کاولکراو و لە دڵی ئەماندا مەزن و پیرۆز، لەسەر بەردێک هەڵدەتووتا. ئەوجا یادە تاڵەکانی بەر لە کارەساتەکە، هەنگئاسا بەدووی شاکەیان دەکەوتن و، لە مێشکیدا پوورەیان دەداو بەگیزەگیز، کارەساتەکەیان بۆ دەگێڕایەوە. هەر لە ڕۆژی هیوابڕاوییانەوە، ئەو ڕۆژەی ترسی ڕیشەکێشکردنیان لێنیشت، ترسێک کە شوێنەواری بە ڕووی یەکبەیەکیانەوە دیاربێ، هیچیان نەدەبوارد. لە قاودانی هەواڵە شوومەکەوە بیگرە، کە وەک گورزێکی قورس دای بە بناگوێیاندا، تا دەگاتە ئەو گێژەڵووکەیەی لە ناوەندی گوندەکەدا لوولیخواردو، ئەوەندەی بلێی یەکودوو، بە پانتایی سەراپای ئاواییەکە بەرینبۆوەو، لە چەند چرکەیەکدا ئەو ناوەی کردە گۆڕێکی گەورەو گشت؛ خانووبەرە، شەقام، کۆڵان، مزگەوت و قورئان، قوتابخانەو ئەو یەک دوو ژوورەش کە ناوی خەستەخانەی لێنرابوو، بە کۆمەڵ تیایدا زیندەبەچاڵکران و، کەسیش نەیزانی چۆنچۆنی داپۆشرانەوە. لەو ساتانەدا وایدەزانی ڕۆژگارەکە فێ گرتوویەتی و خۆیی بۆ دابین ناکرێ. ئەوانیش بە دیارییەوە واق وڕماو، فزەیان لە خۆبڕیبوو. ئاواتی هاتنەوە سەرخۆیان بۆ ڕۆژگارەکە دەخواست. نەیاندەزانی ئەو تازە کاری لەکار ترازاندووەو بەئاگا هاتنەوەشی هیچ ناگۆڕێ. هەندێجار قیژەیەک بەرزدەبۆوە، هاوارێک بەسەر دەنگی پشێوی ڕۆژگارە پەرکەماوییەکەدا زاڵدەبوو. منداڵ و کۆرپەی لەدنیا بێئاگاش، پێیانوابوو "ئەو" گەمە بە ماڵ و حاڵەکان دەکات، بۆیە جاروبار دەتریقانەوە... ئەو بارە بووە خوویەکی سەیرو شەوانە لە کاتوساتی خۆیدا بۆی لێدەدرایەوەو، هەرجارەش شتێکی

نوێی لێهەڵدەهێنجا. خۆ کە ماندوێتی و تێڕامانەکەی لێدەبوونە مەی، ئەمیش بە جۆرێک بینی پێوەدەنا، تا هێند مەستیکات خۆی بۆ ڕانەگیرێ.. دەچووە پاڵ گاشە بەردێکی قووچی لە هەموو بەردەکانی تری ئەو ناوە کەتەترو، لە بنیا ئارامی دەگرت. پاڵی پێوە دەدا. بەرامبەر دیمەنە هەرگیز لە یاد نەچووەکە، لە مەستیدا چاوی بۆ ڕانەدەگیرا. لەتاوا نەیدەزانی چیبکات. دەکەوتە خۆ ڕاژێنان.. نەشەوێک و نە دوو و نە دە، تا دەهات خووەکەی زیاتر لا دەچەسپی. ئەمشەو لە جاران زووتر مەستبوو. دیسان خۆی گەیاندێ، خۆ ڕاژەنینەکەی گێڕایانەوە بۆ ناو ئەو دیلانێیەی کە بەمنداڵی، دایکی بە دارتووەکەوە بۆی هەڵدەخست.. چاوی لێکنا، هەستیکرد یەکێک دەستی ناوەتە ناو قژییەوەو بە دنگێکی گڕ دەیدوێنێ، زۆری لاخۆشبوو، دەنگی لە پیرەمێردێکی ئامێزگەرمی نیانەوە نزیکتر بوو وەک لە دایکی. قسەکانیشی بۆ لاوانەوەو خەون لێخستن نەبوو:

"ـ چاوت لێکنێ، دڵم بەرێ بزانە چیت بۆ باسدەکەم.. من زۆر لە تۆ بە تەمەنترم. ڕەگم بە قووڵایی زەوییەکەی ژێرماندا ڕۆچووە. ڕۆچوونێک مەحاڵبێ ڕیشەکێشکرێم! زۆر وەیشوومەی لەمەی تۆو بگرە ناهەموارتریشم بینیوە. لە بەردەم هەر یەکەیاندا خۆم بە زیاتر ڕۆچوون و بنج داکوتان قایلکردووە. هەر بۆیەش تا ئەمڕۆ ماوم و کەسانی وەک تۆش لە پاڵمدا پشوودەدەن. بە پێوانەی کاتی ئێوە چەند هەزار ساڵێک پێش ئێستا، لەم ناوەدا تەنیا مامەوە. پێشتر سەدان تەرمم بینیوە لەبن زەویدا شاردراونەتەوە، یان لە ڕۆژگارە تارو ناهەموارەکاندا بەجێهێڵراون و بوونەتە خۆراکی داڵ و پیسخۆرانی دێ و ئێسکیشیان نەماوە.. بڕیارم دا بە دەردی ئەوان نەچم. مانەوەی هەتاهەتاییم کردە مەبەست. کاتێک بیرم لەو مەبەستە دەکردەوە چنگم لە خاکەکەدابوو یاریم پێدەکرد. بەردەمی خۆمم کردە چاڵێک و تادەهات قوڵترمدەکرد. نەمدەهێشت دەمی چاڵەکە فراوانبێت.. لەکات بە ئاگا نەبووم. نەمزانی هەڵکەندنەکە چەندیبرد. هێندەم قووڵکرد ئیتر بۆ دەردانی گڵەکەی ناچاری چوونە ناوی بووم. وەک یارییەک بکەم، خۆم ڕووتوقووت کردەوە. دواجار، هەر کە تەنیا سەروکەللەم و بەشێکی کەم لە شان و ملم بەدەرەوەما، خۆم لە شێوەی درەختێکدا چاندو خۆڵەکەم بەسەر خۆمدا دایەوەو، تەواو پەستمەوە. بەڵام شوێنێکی فشەڵم تێدا هێشتەوە، تا دوایی لەوێوە دەستیشم وەبن گڵەکەوەنێم.. بیرمکردەوە گەر ببمە درەختێک، دوور نییە بۆ سووتاندن یان دارەڕا، یان هێند گەورە ببم تەماعیان تێمبچێ و بۆ کاریتە بمبڕنەوە.. چاوم بە دەوری خۆمدا گێڕا. ئاواتم بەگاشە بەردەکانی دەوروپشتی خۆم خواست. ئیتر هەموو هەستونەستی خۆمم بۆ بوون بە بەرد تەرخانکرد، تا لەم بەرزاییەوە بە هەر چوارلای خۆمدا بڕوانم.. بواری خۆبزواندنم نەمابوو. نەشمدەزانی چیم بەسەردێت. هەر بەرد، بەرد، بەرد... بووە ویردی دڵ و مێشک و زمانم. هەستم دەکرد بەرەبەرە دێمەوە یەک و چڕدەبوومەوەو پتەو دەبووم. تا دەهات جووڵەم کەمترو کەمتر دەبۆوە. نەشمدەزانی چ گۆڕانکارییەکیشم بەسەردادێ، وردەووردە هەستەکانم بەدوای یەکدا دەپووکانەوە. مەگەر بارانێکی لێزمە یان ڕەشەبایەکی تووڕە بەئاستەم بیانبزواندمایەو کەمێک دۆخەکەیان تێکدامایە. ئەگەرچی ئەوانیش لە ئەنجامدا زیاتر دایاندەکوتیم. خۆ کە بەفر دایدەپۆشیم ئەوا زیاتر سڕیدەکردم و لە مەیین نزیکتری دەخستمەوە.. ڕۆژێک گوێم لێبوو دووکەس، کە دیاربوو بە وردی پیامیاندا دەڕوانی، دەیانووت: بەردێکی سەیرە، لە سەروکەللەی مرۆڤ دەچێ!.. یەکێکیان بەوی تریانی وت: تۆ لەسەری دانیشە با پشوویەک بەین!.. ئەوسا زانیم ئاواتەکەم

هاتۆتە دی و بوومەتە بەرد. ئەوەندەشم لێهاتووە کە ببمە شوێن دانیشتنی کەسێک.. زۆرجار، جرج، کەروێشک، ڕێوی ومارو جروجانەوەری تریش بنکۆڵیان دەکردم و لانەیان لەبندا خۆشدەکردم. سەرەتا ترسی هەڵتەکاندنم لێدەنیشت. بەڵام دواتر، کە لەکەتەیی و پتەوی خۆم دڵنیابووم، حەشارگەییەکەم بۆیان و زاوزێکردنیان تەزوویەکی زۆر خۆشی پێدا دەهێنام، بۆیە توندتر لە ئامێزم دەگرتن. خۆ کە وردیلەکانیان پێمدا هەڵدەزنان، مەپرسە هەستە لەکار کەوتووەکانم چۆنچۆنی بەئاگا دەهاتنەوە.. من ئێستاشی لەسەربێ هەست بەوان و گەلێ شتی تریش دەکەم، بەڵام وەک ئێوەنا.. جا تۆش گەر دەتەوێ نەڕزێیت و بەرامبەر بەگوندە کاولکراوەکەتان و هەموو یادگارە شێواوەکانی، بەنەمری بمێنیتەوە، ئەوا تەواو ڕووتبەرەوەو توند خۆتم پێوەنووسێنەو، هەرچی هەست و نەستیشتە بۆ بوون بە بەرد تەرخانیکە.. دەی زیاتر خۆتم لێگیربکە، زیاتر... زیاتر."

وەک شەوی زاوایەتی بێت، خۆی بۆ ڕووتوقوتکردەوە. توند باوەشی پێداکردو تا تینی تێدابوو بە لایەکییەوە نووسا. ئەو هێند کەتە بوو، ئەم ببووە کۆرپەیەک و خۆی بە بەرۆکییەوە گرتبوو. بەڵام هەرچەندی دەکرد وەک گاشەبەردەکە داوای لێدەکرد ڕام نەدەبوو. بێچارەیی و نەهاتنەدی ئاواتە مەحاڵەکانی یەکبینە کنەیان لە مێشکیدا دەکردو بواری سڕبوونیان نەدەدا. بەردەوام پێشنیارەکەی خۆی لە گوێیدا دەزرنگایەوە. لێیبووە مەتەڵێک و بۆی هەڵنەدەهێنرا. بە تایبەتی کە بە ساڵاچووانی ئاوایی بەوجۆرە بەڕوویدا هەڵشاخان و کەوتە بەر شەپۆلی دەریای تووڕەییان و مەحاڵبوونی داواکەییان بە بەڵگەی تازەکوورەوە، بەڵام بەشاتەشاتێکی سەیر پێدەسەلماند. چەندیدەکرد بواری ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەشیان پێنەدەدا. کارەساتی ناهەموارو دەستوەشاندنی نامەردانە تۆقاندبوونی. خۆی دەیزانی کە هەرچی ئەوان دەیلێن ڕاستە. بەڵام دەیویست هەروا بەئاسانی وێرانکارییەکەیان بۆنەچێتە سەر. داواکەی ئەم مەرگیانی دەکردە نارنجۆکێک و بە ڕوویاندا دەتەقییەوە!. هەرخۆشی بە وشەی "تەقینەوە" بزەی دەهاتێ و هەندێ جاریش دەیکردە قاقا. چونکە لەوە بەئاگابوو کە ژینکوژان وڵاتیان کردبووە کپخانەیەکی وا، گشت دەنگەکان لە خۆیاندا دەتوانەوە. بەڵام ئەو لە باوەڕی ئینگلیز واتەنی، کە لە سەرەتای ئینگلیزی خوێندنیاندا، مامۆستاکەیان دەیووت و دەیووتەوە "دڵۆپ دڵۆپ ئاو بەرد کوندەکات" مەلەی دەکرد. بە تەقینەوەی یەک لەدوای یەک، دڵنیایی شەقکردنی دیوارە ئەستوورو پتەوەکانی دەوریانی، بەلاوە یەکلاییبوو. بەڵام درەنگوزوورییەکەیی نەدەزانی. ئەوەی بۆ نەچووە سەر..

مانگێک پێشتر ڕۆژو سەعاتی زیندەبەچاڵکردنی گوندیان بۆ دیاریکردن. هەندێک لە دانیشتوانی پێش ئەوکاتە باریانکرد، چونکە چاویان بەرایی نەدەهات هیچ ئادگارێکی لەو جۆرەی ئاوایی، کە سەرجەم بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانیانی لەخۆگرتبوو، ببینن.. ئەم ئەوەی زۆر بەلاوە سەیربوو، چۆن دەبێت گوندێکی وا لەو کاتە ناسکەدا جێبهێڵرێت؟ چۆن دەتوانن دوا ساتەکانی سەرەمەرگی نەبینن؟ بڵێی گوندەکە بە زیندەبەچاڵکردنی خۆی زانیبێت؟! چۆن نەء! خۆ هێندە گەمژەنییە کە هەستی بە بارکردنی ئەو خەڵکە حەپەساوە نەکردبێ!!..

یەک دووڕۆژی دواهەفتە، هەر لە زەردەپەڕەوە خۆی بەرەو سەیرانگە کوتاو تا نیوەشەوێکی درەنگ، لەسەر زەوییەکە پاڵکەوت. سێیەمین شەو تا بەرەبەیان دەست لەملانی سەیرانی سەیرانگەکەی بوو. زانی مەرگ مرخی لەمیش خۆشکردووەو بۆخۆیی دەباتەوە. بۆیە لەگەڵ کازێوەی بەیاندا، بە

بەرگی ئالاَوواڵای بووکێنی و نوقمی شووشە بۆنی ئاورنگی ئەو دەمەو بەیانییە، بۆ زاوای دەست بەخوێن سووری سەرجەم زیندەوەرانی جێهێشت. لەوەدوا دڵی بەرایی نەهات ئاوڕێک چییە لێبداتەوە .. شەوی پێش لە گۆڕنانی، درەنگانێک دوای خامۆشبوونی هەرچی زیندەوەرە، بە هێواشی لە جێگاکەی هاتە دەرو هەموو خانووەکانی بەسەرکردەوە. بەرامبەر یەکبەیەکیان ڕاما. گوێی بۆ سەرگورشتەی چۆنێتی دروستکردنیان هەڵخست. ئەو دواشەوە سروەی "با" بە دوایەوە بوو، چەندین هەگبەی پڕ لە قسەی باوک و باپیرانی و پیرانی ئاوایی کۆکردبۆوەو لە کۆڵی نابوو. لە بەردەم هەر یەکێکیاندا دەمی تووورەکەیەکی بۆ بەردەدا. لە هەرچوارلاوە قسەی بەر لە سەدان ساڵەی ڕۆژگاری ئاوەدانکردنەوەو وێرانکاری، ڕێک وەک خۆیان و بەدەنگی خاوەنەکانیان بەسەریا دەباراند. نەیدەهێشت باسەکان بشێوێن. پەپوولەی هۆشی ئەم بە لقی کام باسەوە بنیشتایەتەوە، لەوێ فوو بە میکرۆفۆنەکەدا دەکرا تا بەسەر هەموو دەنگەکانی دیدا زاڵبێت. پێشتر چۆنی بیستبوو هەر وای بەرگوێ دەکەوت. تەنیا جیاوازی، ئەمجارەیان بەدەنگی خاوەنەکانیان بوو. ئەویش دەبۆوە منداڵە گوێڕایەڵەکەی ئەوساو پرسیارە سەیرەکانی خۆیی بەرگوێ دەکەوتەوە. دەنگی ئەوسای خۆیی بەلاوە نامۆبوو، بەڵام بەجۆری پرسیارەکانیا دەیناسییەوە.. لە کۆڵانە تەنگ و بەپێچەکاندا، دەنگی باپیری بەرگوێدەکەوت، کە بە هەناسەیەکی ساردەوە گاڵتەی بەئەقڵی وەچە نوێیکان دەکرد. ئەو وەچەیەی یەکبینە دەیانووت: " ـ وایاندەزانی گەر بستەزەوییەک بەفیڕۆ بدەن خوا لەو دونیا تۆڵەی بەفیڕۆدانەکەیان لێدەکاتەوە! دەبوو خانووەکانیشیان ئاشقەو ماشقەبن و لێکبئاڵێن!ـ پێیانوابوو کۆڵان هەر بۆ هاتوچۆی سەڵتەزەلام و کەروبارە! بیریان لەوە نەدەکردەوە کە سەنگەری ڕۆژانی شوومیشە!". لەبەردەم خانووە کۆن و قوڕینە نزمەکانیشدا، گەورەی دێ ئامۆژگاری دەدا: "با دیوارەکان زۆر هەڵنەچن، چونکە تاسەر نییە!" هەر لەوێدا سروەی "با"، قسەی "مەحموود پاشا" ی میری بابانی، لە وەڵامی پرسیارێکی "ڕیچ"ی نوێنەری باڵای بەریتانیای ولایەتی بەغدا، کە بە سەردان هاتبووە ناوچەکە، بەگوێیدا دا. بەڵام حیلەی ئەسپی سوارچاکان و تەقەی نیشانپێکان، نەیانهێشت دەقی قسەکە ببیسێت، هەر ئەوەندەی لێهەڵکڕاند "ئێمە یەکبینە لەبەردەم هێرشی ڕۆم و عەجەمداین و نایەڵن ژێرمان گەرمبێتەوە. لایەکیان، بەتاوانی یاریدەدانی ئەوی دییان شاڵاومان بۆ دێنێ و ئاگر لەماڵوحاڵمان بەردەدا. ئێمەش هەر دەمەی لە شوێنێک هەوار دەخەین، بۆیە خانوبەرەمان کاتیین و بەشوێنی هەمیشەیی خۆمانیان نازانین. ناشمانەوێ زۆر خۆمانیان پێوە خەریککەین!!". لە بەردەم مزگەوتەکەشدا، کە لەهەموو خانووەکانی دی پۆشتەترە، ئەو مشتومڕەی بەرگوێدەکەوت کە لە دروستکردنی هەر گوندێکی کورددا، بەر لە دیاریکردنی شوێنی خانووەکانیان، جێگەی مزگەوتی گوندیان دیاریدەکرد. چەند تاشە بەردێکی تەخت و گەورەشیان لە پاڵ کانی و ئاوەکەیدا دەکردە بەردەنوێژ. چەند هەنگاوێکی لای ڕاستیشییەوەو لە بەرزاییەکدا، بەرامبە بە قیبلە شوێنی ژووری مزگەوت دەستنیشان دەکرا. پیاوانی گوند ڕۆژانە چەند سەعاتێکی خۆیان بۆ هەرەوەزی دروستکردنی تەرخان دەکرد. "لەپاڵ کانییەکەدا دەبێ حەوزێکی جوان دروستبکرێ.." ئەو حەوزەش بە سەلیقەی گەورە پیاوان هەڵدەکەنرا، ئەوان لەکارکردن بۆ ماڵی خوا کەمتەرخەمیی ناکەن. "کوڕینە دەبێ مەلایەکیشمان بۆ پێشنوێژی هەبێ.." ئەمجا تا کۆلکە خوێندەوارێکیان پەیدا دەکردو ناوی ـ مەلاـ یان لێدەنا قیر سپی دەبوو.. مشتومڕی کردنەوەی قوتابخانەو دەرزی شەیتان خوێندنیش، ئەوە هەر لە بن

نایەت و تا ئێستاش بەردەوامە. نوێترین خانووی ناو گوند قوتابخانەو خەستەخانەن.. پێکدا هەڵشاخانی نێوان یەکەم مامۆستای قوتابخانەو دەستڕۆیشتوانی گوندو کۆلکە مەلا، ئەوەندە زۆرو ئاوکێشە، ئەو هەر بە بیستنی چەند شاتەشاتێکی سواو وازی دەهێنا "خوێندن چاوەو منداڵانتان لە کوێری ڕزگار دەکات"و "نەخێر وانییە، دەرزی شەیتانەو ئێمە نایەڵین منداڵمان فێربین!..."..

مانگەشەوەکە ئەو ناوەی تەواو ڕووناک کردبۆوە، بێلایی بەردەم ماڵەکان، کە شوێنی شایی و ڕمبازێنی ڕۆژانی خۆشی و هەمیشە لەیاد نەچووەوەی خەڵکی ئاواییەکەو سەرجەم گوندەکانی دەوروبەربوو.. حیلەی ئەسپ و نەعرەتەی سوار گوێیان کاس دەکرد. خورپەو ترپەی دڵی کیژو کوڕی بەیەک شادبوو، تێکەڵ بە هەناسەی ساردو فرمێسک و بۆنکروزو قرچەی دڵی لێکدابڕێنراوانی مەرجی ژنبەژن و شیربایی و مارەبڕی سەر بێشکەو... گوێو لووتیان پڕکردبوو. شنەی ئەو شەوە درەنگوەختە، بۆنی خۆڵی یەکەم بارانی بەهارانی تێکەڵ بە بۆنی هەمە چەشنە گوڵە کێویلکەو گژوگیای تازە سەردەرکردووی پێدەشت و ڕۆخی کانیاو و ڕووباری بەهارانی لە ئامێزگرت و، دەیدا بە لووتی ئەوداو مەستیان دەکرد.. لەپەو ڕوو خۆی لێبە زەویدا داو، چەند جارێک وەک بۆ یەکەمین کەڕەت لێوی گۆشتنی یارەکەی بمژێت، یان تینوویەکی شەکەتبێت و بینی بە کانیاوێکی سازگاری دووردەستی ناو چیاوە نابێت، بەپەرۆشەوە خاکەکەی ماچدەکرد. لیکی دەمی و فرمێسکی چاوەکانی، نەک هەر خۆڵەکەی بەردەمی، بەڵکو یەک دوو چنگی تریشیان خۆشکردبوو. خۆی نەیزانی ئەو حاڵەتە چەنێکی کێشا. پاشان دەمی لێبەرداو کەوتە سەر گازپشت. چاویکردەوە، چیبینی؟ ئەستێرەجارێکی ناو دەریایەکی شین، ئای لەو هەموو ئەستێرە درەوشاوانەی، وەک ئاگاداری نهێنی دەستبازیی خۆی و خۆشەویستەکەی بووبن. نهێنییەک کە بۆ درکاندن نەشێت، هەر دەمە یەکێکیان چاوی لێدادەگرت..
ئەوان، لە کارەساتەکەی سبەینێی گوندەکەدا نووستووی گوێی گابوون، نازانن هەر کە لە دەمکەلەوە، زەردەپەڕ بەسەرەتاتکێ کەوت و تروسکایی لەوان بڕی و لە چاوداگرتنی خستن، چی بەسەر خۆشەویستەکەی ئەم دەهێنرێت.. بە چرپە بۆی باسدەکردن، لێیان دەپاڕایەوە، کە سبەی، بۆ تەنیا جارێک لە ژیانیاندا، پرکێشی بکەن و خۆیان لەبەر تیشکی خۆردا ڕاگرن. یەک دوویەکی سووکەڵەشیان، بەسەریاندا بکشێن و، بۆ زەندەقبردنی ئەو ئاسنە بێ دڵ و دەروونانە خۆ بەردەنەوە. بەڵکو ئەوانیش، بەر لە تێکدانی گوندەکە بتۆقن و، بەجۆرێک هەڵێن کونە مشکیان لێببێتە قەیسەری. یان هەر هیچ نەبێ شایەتحاڵی زیندە بەچاڵکردنی بن.. لەو مشتومڕەی خۆی و ئەستێرەکاندابوو. لە پرسیارە یەک لەدوایەکەکانی چاوداگرتنیاندا، کە ئەگەر هەر هەمووشی بێ وەڵام نەبووبێت ئەوا زۆربەی هەرە زۆریان وابوون، خەوی پێداکەوت. چۆن خەوێک، خەوێکی قووڵ، قووڵتر لەو دەریا مەنگەی ئەستێرەکان ئۆقرەیان تێداگرتبوو، لە ژیانیشیدا بەو جۆرە نەیدیبوو.. لەو وردە فرمێسکە بەولاوە، کە ئەوان بەسەر ئەم و دەوروبەرکەیاندا دەباران، کەسی دی نەبینی و هەستیشی بە هیچ شتێکی دی نەدەکرد..

بەیانی لەگەڵ شەبەقدا، لە دەنگی مەلە بێئاگاکان، ئەوانەی وەک هەر ڕۆژێکی تری ژیانیان پڕ بەگەروویان گۆرانیان بۆ بەئاگا هێنانەوەی گوندەکە دەچڕی. نەیاندەزانی ئەمە دواجاریان دەبێ، کە بەو دەنگە ناسک و پڕ لە مۆسیقایەیان خەڵکی ئاوایی دەخرۆشێنن. ئەگەرچی چاوی بۆ هەڵنەدەهات و

حەزیدەکرد لە قوولایی دەریای خەونەکەیدا بمێنێتەوە، بەلام هەر دەنگی ئەوان نەبوو. گڕەگڕی بلدۆزەرو لۆرییە سەربازییەکانیش ڕاستیانکردەوە. چاوی بۆ ئەستێرەکان گێڕا، تاك و تەراو دوور لەیەکتر، کزوخامۆش، هێند دوورکەوتبوونەوە گەر بیشیقیژاندایە دەنگی نەیاندەگەیشتێ.. چواردەوری گوندیانگرت و گەمارۆیان دا، دیسان کاولکاری و تێکدان و شێواندنە، نوێترین ئامێری هەلتەکێنەریان پێیەو بەرد بەسەر بەردییەوە ناهێلن و، لە کفرەیەکونێکدا ئەو زەبەلاحە لە گۆڕدەنێن.. هەرکە دەستی بە ڕوویا هێناو، وردەوردە فرمێسکی ئەستێرەکانی سڕییەوە، قسەی گەشترین ئەستێرەیانی وەبیرهاتەوە، کە پێدەچوو سەرقافلەیانبێ: "ڕاستە ئێمە خۆمان لەبەردەم خۆردا بۆ ڕاناگیرێ و، هەرکە دەردەکەوێت زەندەقمان لێدەچێت و ئەوەندەی چاوترووکاندنێك، گەورەکان نەبێ، هەموو ئەوانی دی خۆ وندەکەین، گەورەکانیش کە لە خۆحەشاردانی وردەکان دلنیادەبن، بەرەبەرە دووردەکەونەوە و، دواجار خۆ وندەکەن. کاتێك ڕۆژ دونیا ڕووناك دەکاتەوە، جێگەیەك چییە بۆ درەوشانەوەی ئێمەی ناهێلێتەوە. بەلام چەند هەولبدات لەکارەکەیدا هەر شەکەتدەبێت و خەو دەیباتەوەو چاو لێکدەنێ. ئەوجا ئێمەش دەیکەینەوە بەشەوی خۆمان و زەماوەند دەگێڕین و هەموو ئاسمان پڕ لە بریقوباق دەکەینەوە.."

ئەو بیرکردنەوانە ساتێك چییە خافلیان نەدەکرد. بەلام واش جگە لە نەرمی و لووسی دەستەکەی ناوقژی، جارجارەش کە بە لەشیدا دەهات و موچڕکی پێدادەهێنا، هەستیشی بە تێهەلچەقینی ڕۆخ و زیادەنووکی گاشە بەردەکە دەکرد. پێیوابوو ئەوانە زووتر بە بەردەکەوەی دەیلکێنن و، ئەنجامیش دەیکەنە بەشێکی.. بەوجۆرە ئاگای لێبڕا...

بەختیار ئێستا بەئاگا هاتۆتەوە، پێیوابوو ئاواتەکەی هاتۆتە دی. ئەویش وەك گاشە بەردەکە هەست بەخۆی و دەوروبەر دەکات. ئازاری شوێن تێهەلچەقینەکان تا دەهات زیادیان دەکرد. بێویستی خۆی دەستی بۆ بردن، پەرۆیان تێوەپێچرابوو. "ناکرێ، دەبێ من ڕووتبم، ئەمەچییە؟. هەر بێویستی خۆی چاویکردەوە. چیبینێ؟ حەشاماتێکی لەدەورەو خراوەتە ناو جێگاو، قسەی بۆ دەکەن. سەرەتا نەیدەبیست، دواتر وردەوورە گوێیکرایەوە. ژاوەژاوێکی ناخۆش بێزاریانکرد. لە هیچ نەگەیشت، چاوی لێکنایەوە، بە هەردوو دەست سەری خۆی گرت، وەك بلێی وڕێنە بکات: "بۆ لێم نەگەڕان؟ بۆ؟ خەریکبوو دەبوومە بەشێك لەو گاشەبەردە!". پێدەچوو وەلامی بدەنەوە، ئەمجارەیان لە چەند وشەیەکی وەك: "مارەکە... زەهر ... مالی حەکیمی ئەم گوندە ئاوابێت.. زوو فریاکەوت.. تێتدا نەماوە.. ئارامتبێ.." تێگەیشت..

× × ×

**× بەشێکە لە رۆمانێکی تەواونەکراو**